# ئیدریس بارزانی خاکی و لێبوردەو ئاشتیخواز

موحسین دزەیی

بەرواری دابەزاندن: 2014/01/30

ئیدریس بارزانی هەمیشە ئومێدی بەوە بوو کورد لە ناو یەکتردا یەك ڕیز بن، دەیزانی ئەگەر دووبەرەکی لە ناو کورددا بوونی هەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت بەرگری جوامێرانە بکرێت، لەبەرئەوەبوو پێیان دەوت ئەندازیاری ئاشتی، پێش کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد، بە چەند مانگێك، لە نێوان پارتی و یەکێتی بە شێوەیەکی تایبەتی و لەگەڵ هەموو حزبە کوردستانییەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی ئاشتی جێبەجێ کرد،ئەمەش بووە بناغە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، چونکە هەمیشە حەزی بە یەکڕیزیی کورد دەکرد.

بۆ یەکەمین جار بوو کە لە ساڵی 1964 کاك ئیدریس بارزانیم لە نزیکەوە ناسی و ئاکامی ئەم نزیکبوونەوەیەم، دروست بوونی پێوەندییەکی باش بوو لەگەڵ یەکتر، ئەوکات گەرچی لە هەرەتی لاوێتیدا بوو، بەڵام تواناکانی لە ئاست تەمەنی خۆیدا بەرزتر ن، چ لە ڕووی ئیش و چالاکی ئەنجامدانەوەو چ لە ڕووی پاراوەیی زمانزانییەوە، هەروەها لە ڕووی بوێری و ڕاشکاوێتییەوە بێوێنە بوو، هەمیشە وەك کوردپەروەرێك دڵسۆزانە حەزی بە خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆی بوو، هەموو ئەو ڕێگەو شوێنانەی کە بارزانیی نەمر بۆی دەنەخشان، زۆر بە خۆشحاڵییەوەو بێ دوودڵی هەموویانی جێبەجێ دەکردن، وەك پێشمەرگە زۆر سادەو لە خۆبوردووانە هەڵدەسوڕا، لە شەڕی پارتیزانیدا شارەزایی و توانایەکی بەرزی هەبوو، بۆ نموونە لە داستانی هەندرێندا، کە یەکێك بوو لە داستانە مەزنەکانی شۆڕشی ئەیلول، کاك ئیدریس سەرکردایەتیی ئەو داستانەی پێ سپێردرابوو، دەرئەنجام هەر ئەو شەڕەش بوو کە حکومەتی مەرکەزی عیراق، پاش ئەوەی تووشی زیانێکی کەمەرشکێن هات، ناچار بوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا ملی کەچ بکات..

کاك ئیدریس هەمیشە پێشمەرگەکانی شۆڕشی بەسەردەکردنەوە، ئیتر لە هەر کوێ بووان بەسەری دەکردنەوە، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکان مرۆڤێکی زۆر سادەو خاکییانە دەردەکەوت، ئەمەش خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیانەی ئەو سەرکردەیە بوو،حەزی لێ بوو زۆرترین کاتەکانی خۆی لە ناو خەڵك و لە ناو پێشمەرگەکاندا بەسەر بەرێت، بە ڕاستی زۆر پێی سەرسام بووم، چونکە زۆرچاك لەو زاتە تێدەگەیشتم و ئەویش زۆر بە باشی لە من تێدەگەیشت..

کاك ئیدریس هەمیشە دەیویست بە هەر شێوەیەك پێی بکرایە خزمەتی میللەت و شۆڕش بکات، تا ئەو کاتەی نسکۆی ئازاری ساڵی 1975 بەسەر شۆڕشدا هات، هەمیشە خەمخۆری ئەو ئامانجەی بارزانیی نەمر بوو، ئەو ئامانجەی کە باوکی نەتەوەیی

کورد شەست ساڵ خەباتی نەپساوەی بۆ دەکرد، کاك ئیدریس دەیویست هەموو ئامانجەکان بە پێی هەلومەرجی نوێ بهێنێتە ، ئامانجی دووری بارزانی نەمر، سەربەخۆیی کوردستان و میللەتی کوردبوو، کە وەك هەر میللەتێکی تری سەر زەمین مافی سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە، ئامانجەکانی نزیکیشی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بوو، کە میللەتی کورد لە شۆڕشی ئەیلولدا قوربانی زۆری بۆ ئەم ئامانجە دا، شۆڕشی لە پێناویدا هەڵگیرساند..

لە ڕاستیدا بارزانیی نەمر زۆر حەزی بە یەکڕیزی میللەتی کورد بوو، بەردەوام هەوڵیشی بۆ دەداو لە خەباتێکی بێوچاندا بوو بۆ وەدیهاتنی، تەنانەت ئەوانەی ناکۆکیش بوون لەگەڵی و ئەوانەشی کە دووبەرەکییان دەنایەوەو بە ئینشقاق لە پارتی جودابوونەوە، بارزانی نەمر حەزی دەکرد ئەوانەیش بگەڕێنەوە بۆ ناو شۆڕش، ساڵی 1965 و هەروەها ساڵی 1970 **دووبارە** ئەوانیشی گەڕاندەوە، بۆیە کاك ئیدریسیش لەسەر هەمان ڕێبازی بارزانی هەمیشە ئومێدی بەوە بوو کورد لە ناو یەکتردا یەك ڕیز بن، دەیزانی ئەگەر دووبەرەکی لە ناو کورددا بوونی هەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت بەرگری جوامێرانە بکرێت، لەبەرئەوەبوو پێ ن دەوت ئەندازیاری ئاشتی، پێش کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد بە چەند مانگێك، لە نێوان پارتی و یەکێتی بە شێوەیەکی تایبەتی و لەگەڵ هەموو حزبە کوردستانییەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی ئاشتی جێبەجێ کرد،ئەمەش بووە بناغە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، هەر بۆیە ناوی ئەندازیاری ئاشتی بە ەرۆکەوە نرا، چونکە هەمیشە حەزی بە یەکڕیزیی کورد بوو..

ووی لێبووردەییەوە کاك ئیدریس کارو هەوڵی زۆری هەبووە، جیاکاری لە نێوان کەسدا نەدەکرد، پێشمەرگەیەکی زۆری هەبوو کە سەر بە ئایینەکانی دیکە بوون، بە شێوەیەکی گشتی لە لای ئەو جیاوازی لە نێوانیان نەدەکرد، بارزانیی نەمریش هەر ئەم جیاکارییانەی پێ خۆش نەبوو، بۆیە کاك ئیدریسی هەمیشە لەیادیش وەك ئەو، بە هیچ جۆرێك جیاوازیی لە نێوان کەسێك بۆ کەسێکی تر یان پێشمەرگەیەکی موسڵمان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی سەر بە ئاینزایەکی تر نەدەکرد، زۆر پێشمەرگەی کوردی ئێزیدی هەبوون پلەو پایەی بەرزیان لە شۆڕشدا پێ درابوو، هاوکات کاك ئیدریس هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی یان پلەو پایەیەکی بۆ خودی خۆی نەدەویست، تەنیا مەبەستی بووە خزمەتی میللەتی کورد بکات، لە دانیشتنەکانیدا پیاوێکی زۆر ئاسایی و خاکییانەو و گفت شیرین بووە، هەر بۆیە هەموو کەسێك حەزی دەکرد لە مەجلیسی ئەودا دابنیشێت، هەر کەسێك ئەگەر ئیشی پێی هەبوایە گەرچی ئەو کات توانای دارایی شۆڕش هێندەش نەبوو، ئەگەر ئیشەکەشی پێهەڵنەسوڕایە، ئەوە بە ڕووەیەکی خۆشەوە وەڵامی پێ دەدایەوە، قسەی خۆشی لەگەڵ دەکردو شتێکی ی پێ نەدەوت نائومێدی بکات، لەو ڕووەوە هیچ کەسێکی زویر نەدەکرد، کاك ئیدریسی هەمیشە لە یاد، وەك بارزانیی نەمر کەسێکی گەشبین بوو لە ژیاندا، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بارزانیی نەمر دەیوت پاش ماوەیەکی کەم، دەبێت میللەتی کورد بە مافەکانی خۆی بگات، شەهید ئیدریسیش لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆیشت، بە حەقیقەت هەر شتێکی بارزانیی نەمر بیگوتبایە، لە لایەن کاك ئیدریسەوە وەك خۆی جێبەجێ دەکرایەوە، بە ڕاستی من نەمدیتوە پێوەندیی نێوان کوڕو باوك بەو شێوەیە، هێندە بەهێزو قووڵ بێت، ئەو زۆر

گوێڕایەڵی بارزانیی نەمر بوو، هەم وەك باوك و هەم وەك سەركردەش ڕێزی لە فەرمانەكانی دەگرت و جێبەجێی دەكردن، هەروەها بارزانیی نەمریش ڕێزی بۆ ڕاوبۆچوونەكانی ئەو دادەنا، چونكە دەیزانی ئیدریس بارزانی لێوەشاوەیەو بە توانایە، ڕیارو ڕاو بۆچوونی دروست و باشی هەیە، هەمیشە بارزانی نەمر بۆچوون و ڕایەكانی كاك ئیدریسی بە هەند وەردەگرت، هەردەم لە ناو مەجلیسەكانیدا خەڵكی بۆ كاری باشە هان دەداو بە گەشبینی قسەی لەگەڵ هەمووان دەكرد، گەشبینییەكەی بۆ ئەوە بوو كە هەردەبێت میللەتی كورد لە ئاییندەیەكی نزیكدا بە ماف و ئاواتەكانی بگات، هەرجۆرە مافێك بێت، ئیتر درەنگ یان زوو هەر دەبێت پێی بگات..

ـەو كاتەی كە بارزانیی نەمر نەخۆش كەوتبوو لە ئەمەریكا، دوو سێ جار لە نەخۆشخانە هاتە لامان، دواجار كە سەرۆك مسعود بارزانی گەڕایەوە بۆ ئەوروپاو سوریا، كاك ئیدریس لەوێ لە لای بارزانی نەمر مایەوە تا كۆچی دوایی كرد، ئەو ماوەیە كە لەوێ بوو زۆر ئێمەی هان دەدا بۆ ورە بەرنەدان، ئەوە بوو لەگەڵ تەرمی بارزانیی نەمر بەیەكەوە گەڕاینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان، لەوێش لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵكێك خاكییانە بوو، تەنانەت لەگەڵ سەركردایەتی پارتەكان و لەگەڵ سەركردایەتی پارتیشدا خاكییانە دەجووڵایەوە، هەر بۆیە هیچ كاتێك ركردایەتیی پارتی بە بێ ڕای ئەو بڕیاری دەرنەدەچوواند، وەك ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و وەك هەموو ئەندامەكانی تر مەكتەبی سیاسی ئاساییانە هەڵسوكەوتی دەكرد، ـم بڕیارو ڕای ئەو لە هەمووان گرنگتر بوو، لە هەموانیش ڕای گونجاوتری هەبوو، لەبەر ئەوە هیچ بڕیارێك بە ێ ڕای ئەو بەڕێ نەدەخرا.

ئاگاداربووم كە ساڵی 1970 لە كاتی ڕێكەوتننامەی 11ی ئازاردا، زۆر هەوڵیان دا بیكەنە جێگری سەرۆك كۆماری عیراق، بەڵام نە ئەو ئەم پۆستەی ویست و نە بارزانیی نەمریش لەگەڵ ئەوەبوو كە یەكێك لە ئەندامانی خانەوادەی هیچ پلەو پایەیەك لە حكومەتی عیراقی وەربگرن، بیرم دێت لەشۆڕشی ئەیلولدا بەشێك هەبوو بە ناوی بەشی داد كە من سەرپەرشتیم دەكرد، لە هیچ كێشەیەكدا ئەگەر بە شێوەیەكی ئیجابی نەبووایە یان بۆ چارسەری كێشەكان نەبوایە، كاك ئیدریس تەداخولی نەدەكرد، ەیەویست هەموو كارەكان ڕێڕەوی ڕاست و دروست و یاسایی خۆیان وەربگرن، بەشێوەی گشتی لە شۆڕشی ئەیلولداو لە ناو بەشی دادگادا چوار تا پێنج بەشمان هەبوو، یەكێكیان بەشی كۆمەڵایەتی بوو، هەروەها بەشی تەندروستی و بەشی فێركاری و پەروەردە ،لەوێ من بەرپرسی بەشی داد بووم، چ كاك ئیدریس چ كاك مسعود پشتگیری تەواوی هەموو بەشەكانیان دەكرد..

بە كۆچی دوایی بارزانیی نەمر كاك ئیدریس زۆر خەمباربوو چونكە چ وەك باوكی و چ وەك سەركردەیەكی ڕۆحیی نەتەوەیی ـەمباربوو بۆی، بەڵام كاك ئیدریس ورەی لە هەمووان بەرزتر بوو،هانی هەر هەموومانی دەدا بۆ بەردەوامبوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی میللەتەكەمان، ئەو دڵی ئێمەی دەدایەوە.

ئیدریس بارزانی كەسایەتییەكی زۆر سەنگینی هەبوو، بەهەموو شێوەیەك لەسەـ ڕێبازی بارزانی هەنگاوی هەڵدەگرت و دەبێت هەمووشمان وەك ئیدریس هەمیشە لەباد ریبازی بارزانی جێبەجێ بكەین.